
ژوری توێژینەوەی سیاسی
Political Research Room
گۆڕان GORRAN

ژوری توێژینەوەی سیاسی
بزوتنەوەی گۆڕان

# ریفراندۆم

## لەنێوان دروشمو پراکتیکدا

ئا. هەڵمەت محەمەد




ژوری توێژینەوەی سیاسی – بزوتنەوەی گۆڕان
Tel: 009647481505010
Email: research.gorran@gmail.com
ئازاری 2016

# ریفراندۆم

## لەنێوان دروشم و پراکتیکدا

ئامادەکردنی
هەڵمەت محەمەد – ئەندامی ژوری توێژینەوەی سیاسی

ژوری توێژینەوەی سیاسی – بزوتنەوەی گۆڕان
Tel: 009647481505010
Email: research.gorran@gmail.com
شوباتی 2016

## پێڕست

پێشەکی............................................................................................................۳
ریفراندۆمو شێوازەکانی ............................................................................................٤
ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی‌و ئەزمونەکانی جیهان ..............................................................٥
ریفراندۆم وەک مافێکی یاسایی ........................................................................................٩
پرسی ریفراندۆم لە هەرێمی کوردستان............................................................................ ١٢
ئاستەنگەکانی بەردەم ئەنجامدانی ریفراندۆم لە هەرێمی کوردستان................................................. ١٤
هەرێمی کوردستان دوای ئەنجامدانی ریفراندۆم .............................................................................. ١٧
رەگەزو پایە گرنگەکانی دەوڵەت، ئاستەنگەکانی بەردەم سەربەخۆیی هەرێمو ڕێگەی دەربازبوون لێیان ..................... ١٨
یەکەم: ڕەگەزەکانی دەوڵەت ....................................................................................... ١٨
دووەم: ڕەگەزەکانی دەوڵەت وەک ئاستەنگ لە بەردەم سەربەخۆییدا.................................................... ١٨
سێیەم: ڕێگەی دەربازبوون لە دیدی پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕانەوە ............................................ ٢٠
دەرەنجام....................................................................................................... ٢٣
سەرچاوەکان..................................................................................................... ٢٥

## پێشەکی

هەرچەندە ئەنجامدانی ریفراندۆم مەرج نیە بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی، بەڵام ڕێگەیەکی ڕەوایە کە زۆرینەی وڵاتانی جیهان لە سەدەی نۆزدە بەدواوە بەکاریان هێناوە، وەک پرۆسەیەکی دیموکراتی بۆ گەیشتن بەخواستەکانیان.

بەشێوەیەکی گشتی، ئەم پرسە بۆ هاوڵاتیانی کورد گرنگی خۆی هەیە، بەتایبەتیش بۆ بەشی باشوری کوردستان، کە ئێستا خاوەن هەرێمێکەو دەسەڵاتی خۆبەرێوەبردنی هەیە لەچوارچێوەی عێراقدا، ئەمەش دیارترین جیاوازی ئەم پارچەیەی کوردستانە بەراورد بە پارچەکانی دیکە، بۆیە ئەم جیاوازییە وادەکات کە هەرێمی کوردستان دۆخێکی لە بارتری هەبێت بۆ پیادەکردنی ئەم پرۆسەیە.

لە ئێستادا پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمو ناوەند بەجۆرێک لە جۆرەکان ناکۆکی تێکەوتووە، ئەم بابەتە زیاتر سەرنجی هەموان ڕادەکێشێتو گفتوگۆیەکی زۆر بەدوای خۆیدا دەهێنێت. کرۆکی پرسەکە ئەوەیە، ئایا هەرێم ئەم بژاردەیە وەک کارتی هەڕەشەکردن بەرامبەر حکومەتی بەغدا بەکاردەهێنرێت؟، چونکە هەڕەشەکردن لەلای کاربەدەستانی کورد شتێکی نوێ نییە، ئەگەر سەرنج بدەین هەر کات کە پەیوەندییەکانی نێوان ئەم دوو لایەنە ڕووی لە ئاڵۆزی کردبێت، کورد کشانەوە لە پرۆسەی سیاسی عێراق یان جیابوونەوەی کردووە بە کارتی فشار. بەکارهێنانی ئەم کارتە لەم کاتەدا، بەتایبەت لەلایەن بارزانییەوە، ئامرازێکە بۆ شەرعیەتدان بە قۆرخکردنی پۆستی سەرۆکایەتی هەرێم؟، یاخود جیا لەمانە وەک دەگوترێت دەستبردن بۆ ئەم بابەتە لەم کاتەدا تەنها لە پێناو ئەوەیە کە نەتەوەیەک خەونی پێوە دەبینێت؟.

هەوڵدەدەین لەم توێژینەوەیەدا لە چەند پرسێک بکۆڵینەوە، لەوانە دەبێت بزانین ڕیفراندۆم چیە؟ و بۆچی ئەنجام دەدرێت؟ ئەزمونەکانی جیهان لەم بوارەدا کامانەن؟ هەرێمی کوردستان مافی پیادەکردنی ئەم پرسەی هەیە؟ ئاستەنگەکانی بەردەم ریفراندۆم چین؟ ئایا زەمینەی ریفراندۆمو ئامادەکاریەکان لە ئێستادا لەبارن بۆ ئەنجامدانی، یاخود نا؟. ئایا ئەم بابەتە پرسێکی حزبیو سیاسییە یان پرسێکی نیشتیمانیو نەتەوەییە؟، لە چوارچێوەی ئەم پرسەدا چارەنوسی ناوچە جێناکۆکەکان بەچی دەگات؟ دیدی بزوتنەوەی گۆڕان سەبارەت بەم پرسە چییە؟ ئەمانەو چەند پرسێکی دیکە لەمیانەی ئەم توێژینەوەیەدا باسو خواستیان لەبارەوە دەکەین.

## ریفراندۆمو شێوازەکانی

ریفراندۆم یان ڕاپرسی هەندێ جاریش بە گشتپرسی ناو دەبرێت، بەمەست لێی دەنگدانێکی گشتییە، کە تێیدا گەل بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ڕای خۆی دەردەبڕێت سەبارەت بە کێشەیەک یاخود بابەتێکی گرنگ، یان هەر پرسێکی دیکە. لەم پرۆسەیەدا بژادەکانی بەردەم هاولاتیان دیاریکراونو هەندێ جار تەنها دوو بژاردەی وەک (بەڵێ) و (نەخێر)، دەخرێتە بەردەست هاولاتیان لەم پرۆسەیەدا.

بەشێوەیەکی گشتی ریفراندۆم یان ڕاپرسی، چەند شێوازێکی هەیە، لە دیارترینیان بریتین لە:

### ریفراندۆمی دەستوری

دوایین قۆناغە لە قۆناغەکانی داڕشتنی دەستووری نوسراو، کە پێشتر لیژنەیەکی تایبەتمەند پرۆژەیەکی دەستوور ئامادە دەکەنو قۆناغە یاساییەکانی تێدەپەڕێتو دوا جار دەخرێتە ڕیفراندۆمەوە، گەل بڕیاری لەبارەوە دەدات کە بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە یاخود نا. بۆ نمونە ئەو ڕیفراندۆمەی لەساڵی ٢٠٠٥ بۆ دەستوری عێراق ئەنجام درا.

### ریفراندۆمی سیاسی

شێوازێکە لە شێوازەکانی ڕیفراندۆم، مەبەست لێی بەشداری کردنی گەلە لە پرسێک لە پرسە گرنگەکانی پەیوەندیدار بەپرسێکی سیاسی یان مۆرکێکی سیاسی پێوەبێت. وەکو، مانەوەی سەرۆکی ولات، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، یاسای هەڵبژاردنو پەیماننامەو ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان...هتد. بۆ نمونە ئەو ریفراندۆمەی لەساڵی ١٩٩٧ لە عێراق ئەنجام درا لەبارەی مانەوەی (صدام حسێن) لە پۆستەکەی و زیاتر لە ٩٨%ی دەنگەکانی بەدەستهێنا، ئەگەر چی لەچوارچێوەی دیموکراتی بەڕێوە نەچوو، بەڵکو جۆرێک بوو لە بەیعەت پێدان.

### ریفراندۆمی میللی

شێوازی پرسیارکردنە لە گەل، کە ڕای سەبارەت بە پرسێک لە پرسەکان چییە، یان خستنەڕووی پرسێکی پەیوەندیدارە بە هاونیشتیمانیانەوەو مافی خۆیانە لەو بارەوە بڕیار بدەن کە ڕازی دەبن یان ڕەتی دەکەنەوە. دەبێت بابەتی ڕاپرسییەکە دیاریکراوبێتو پەیوەندیداربێت بە پرسێکی وەک سەربەخۆیی، دەستور، یاسایەکی گرنگ، ئاراستەی سیاسەتی دەرەوە، بڕیاری ڕاگەیاندنی جەنگو ئاشتی...هتد.

ئەم شێوەیە لە ڕیفراندۆم دەبێت لەسەر داوای پەرلەمان، سەرۆکی وڵات، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، گەل خۆی یان دەستور ئەنجام بدرێت. ئەمەش شێوازێکی پەیڕەوکردنی دیموکراتی ڕاستەوخۆیەو ئامانج لێی بەشداری پێکردنی کەسانی هۆشیارو پێگەیشتووە لە هەندێ بڕیاری گرنگدا، کە پەیوەندییان بە چارەنوسو ژیانو داهاتووی وڵاتەکەیانەوە.

## ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی

جۆرێکە لە ڕیفراندۆمی میللی کەتێیدا هاوڵاتیانی هەرێمێک یان ناوچەیەک بڕیاردەدەن، لەسەر ئەوەی هەرێمەکەیان ببێتە خاوەن سەروەریو سەربەخۆیی خۆی، لەگەڵ ئەوەشدا ئەنجامی ڕیفراندۆمەکە ئەگەر بۆ سەربەخۆیی دەنگی زۆرینەش بهێنێتت، مەرج نیە سەربەخۆیی مسۆگەر بکات. ئەم شێوازەیان بابەتی لێکۆڵینەوەکەی ئێمەدەبێت.

## ریفراندۆم بۆ سەربەخۆییو ئەزمونەکانی جیهان

زۆرن ئەزمونەکانی جیهان بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی، لە ڕابردوودا بەشێک لە ریفراندۆمەکان بۆ دەربازبوون بوە لەوڵاتانی بێگانەو داگیرکەر (کۆڵۆنیاڵ)، هەندێک جاریش لەکاتی هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆر و دەوڵەتە گەورەکان ئەنجام دراوە، جار جاریش بۆ خۆبەڕێوەبەری (خود موختاری) بووە، یاخود بۆ جیابوونەوە یان چونە پاڵ قەوارە، ویلایەت، کەرتو هەرێمێکی دیکە بووە.

لە خوارەوە ئەزمونی (١٠٧) پرۆسەی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم دەخەینەڕوو، کە بۆ هەر یەک لەو مەبەستانەی سەرەوە ئەنجامدراوەو یەکەم ڕیفراندۆم لە ساڵی (١٨٤٦) ئەنجام دراوە، تێیدا (لیبریا) سەربەخۆیی خۆی لە ژێر کۆڵۆنیاڵی ئەمریکی بەدەستهێنا. دواترینشیان لە ساڵی (٢٠١٤) دا (سانت یستاتیوس) لە (شانشینی هوڵەندا) خودموختاری بەدەستهێنا. (بڕوانە خشتەکە).

بەجۆرێک لە کۆی (١٠٧) پرۆسەی ڕیفراندوم، (٥٣) پرۆسەیان دەنگی زۆرینەی (بەڵێ)ی بەدەستهێناوە، (٥١) پرۆسەشیان (نەخێر) بووە، (٣) پرۆسەشیان داواکراوە (ڕەوشەکە وەک خۆی بمێنێتەوە).

لەو ژمارەیەش کە (٥٣) (بەڵێ)ی بەدەستهێناوە تەنها (٣٣) پرۆسەیان بە خواستی خۆی گەیشتووە، جگە لەوەی (٩) پرۆسەیان دواتر وەکو ئەمری واقع مامەڵەی لەگەڵ کراوە. (٦٢) لایەنیش بە سەربەخۆییو خواستی خۆیان نەگەیشتوون.

سەرباری ئەوەش لەو (١٠٧) ڕیفراندۆمە (٩٠)یان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دانیان پێدانراوە، تەنها وەک ئەنجامدانی پرۆسەی ڕیفراندۆمەکە نەک بۆ سەربەخۆیی.

# خشتەی ڕیفراندۆمو بەشێک لەئەزمونەکانی جیهان

| ز | دەوڵەت یان لایەنی داواکار | ساڵ | دەوڵەتی دایک | دەنگی زۆرینە بۆ سەربەخۆیی | سەربەخۆیی | دانانن بە پرۆسەکە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | لیبریا | ١٨٤٦ | کۆڵۆنیاڵی ئەمریکی | بەڵێ | بەڵێ | بەڵێ | |
| ٢ | میریلاند | ١٨٥٣ | کۆڵۆنیاڵی میریلاند | بەڵێ | بەڵێ | بەڵێ | |
| ٣ | نەرویج | ١٩٠٥ | سوید و نەرویج | بەڵێ | بەڵێ | بەڵێ | |
| ٤ | ئایسلاندا | ١٩١٨ | دانیمارک | بەڵێ | بەڵێ | بەڵێ | |
| ٥ | ڕۆژاوای ئوستralیا | ١٩٣٣ | ئوسترالیا | بەڵێ | نەخێر | نەخێر | |
| ٦ | کەمبۆدیا | ١٩٤٥ | فەرەنسا | بەڵێ | بەڵێ | بەڵێ | |
| ٧ | مەنگۆلیا | ١٩٤٥ | کۆماری چین | بەڵێ | بەڵێ | بەڵێ | |
| ٨ | فارۆ ئایسلاندا | ١٩٤٦ | دانیمارک | بەڵێ | نەخێر | نەخێر | دانیماک ئەنجامکەی ڕەتکردەوە |
| ٩ | سار | ١٩٥٥ | فەرەنسا | نەخێر | نەخێر | بەڵێ | دواتر ئەم هەرێمە خرایە سەر ئەڵمانیای خۆرئاوا |
| ١٠ | کامیرۆن | ١٩٥٨ | فەرەنسا | نەخێر | نەخێر | بەڵێ | دەنگیان بە دەستوری نوێی فەرەنسا نەدا |
| ١١ | کۆماری ئەفریقای ناوەند | ١٩٥٨ | فەرەنسا | نەخێر | نەخێر | بەڵێ | دەنگیان بە دەستوری نوێی فەرەنسا نەدا |
| ١٢ | چاد | ١٩٥٨ | فەرەنسا | نەخێر | نەخێر | بەڵێ | دەنگیان بە دەستوری نوێی فەرەنسا نەدا |
| ١٣ | کۆمۆرۆس | ١٩٥٨ | فەرەنسا | نەخێر | نەخێر | بەڵێ | دەنگیان بە دەستوری نوێی فەرەنسا نەدا |
| ١٤ | کۆنگۆ | ١٩٥٨ | فەرەنسا | نەخێر | نەخێر | بەڵێ | دەنگیان بە دەستوری نوێی فەرەنسا نەدا |
| ١٥ | داهۆمی | ١٩٥٨ | فەرەنسا | نەخێر | نەخێر | بەڵێ | دەنگیان بە دەستوری نوێی فەرەنسا نەدا |
| ١٦ | جیبۆتی | ١٩٥٨ | فەرەنسا | نەخێر | نەخێر | بەڵێ | دەنگیان بە دەستوری نوێی فەرەنسا نەدا |
| ١٧ | بۆلینیزیا | ١٩٥٨ | فەرەنسا | نەخێر | نەخێر | بەڵێ | دەنگیان بە دەستوری نوێی فەرەنسا نەدا |
| ١٨ | گابۆن | ١٩٥٨ | فەرەنسا | نەخێر | نەخێر | بەڵێ | دەنگیان بە دەستوری نوێی فەرەنسا نەدا |
| ١٩ | غینیا | ١٩٥٨ | فەرەنسا | بەڵێ | بەڵێ | بەڵێ | دەنگیان بە دەستوری نوێی فەرەنسا نەدا |
| ٢٠ | ساحل عاج – کۆتدیڤوار | ١٩٥٨ | فەرەنسا | نەخێر | نەخێر | بەڵێ | دەنگیان بە دەستوری نوێی فەرەنسا نەدا |
| ٢١ | مەدشقەر | ١٩٥٨ | فەرەنسا | نەخێر | نەخێر | بەڵێ | دەنگیان بە دەستوری نوێی فەرەنسا نەدا |
| ٢٢ | مالی | ١٩٥٨ | فەرەنسا | نەخێر | نەخێر | بەڵێ | دەنگیان بە دەستوری نوێی فەرەنسا نەدا |
| ٢٣ | مۆریتانیا | ١٩٥٨ | فەرەنسا | نەخێر | نەخێر | بەڵێ | دەنگیان بە دەستوری نوێی فەرەنسا نەدا |
| ٢٤ | کالیدونیای نوێ | ١٩٥٨ | فەرەنسا | نەخێر | نەخێر | بەڵێ | دەنگیان بە دەستوری نوێی فەرەنسا نەدا |
| ٢٥ | نەیجیر | ١٩٥٨ | فەرەنسا | نەخێر | نەخێر | بەڵێ | دەنگیان بە دەستوری نوێی فەرەنسا نەدا |
| ٢٦ | سینت بیر و میکویلون | ١٩٥٨ | فەرەنسا | نەخێر | نەخێر | بەڵێ | دەنگیان بە دەستوری نوێی فەرەنسا نەدا |
| ٢٧ | سەنیگال | ١٩٥٨ | فەرەنسا | نەخێر | نەخێر | بەڵێ | دەنگیان بە دەستوری نوێی فەرەنسا نەدا |
| ٢٨ | ڤۆلتای ژوروو | ١٩٥٨ | فەرەنسا | نەخێر | نەخێر | بەڵێ | دەنگیان بە دەستوری نوێی فەرەنسا نەدا |
| ٢٩ | ساموا | ١٩٦١ | نیوزیلندا | بەڵێ | بەڵێ | بەڵێ | |
| ٣٠ | جەزائر | ١٩٦٢ | فەرەنسا | بەڵێ | بەڵێ | بەڵێ | |
| ٣١ | مالطا | ١٩٦٤ | شانشینی یەکگرتوو | بەڵێ | بەڵێ | بەڵێ | |
| ٣٢ | ڕۆدیسیا | ١٩٦٤ | شانشینی یەکگرتوو | بەڵێ | دیفاکتۆ | نەخێر | |
| ٣٣ | جیبۆتی | ١٩٦٧ | فەرەنسا | نەخێر | نەخێر | بەڵێ | |
| ٣٤ | بورتوریکو | ١٩٦٧ | ویلایەتە یەکگرتووەکان | نەخێر | نەخێر | بەڵێ | |
| ٣٥ | بابوای ڕۆژئاوا | ١٩٦٩ | ئەندۆنیسیا | نەخێر | نەخێر | بەڵێ | پرسیارەکە ئەوەبوو ئایا دەتانەوێت لەژێر سەروەری ئندۆنیزیا بمێننەوە؟ زۆرینە دەنگیان بە بەڵێدا |
| ٣٦ | جەزیرەی مریانا | ١٩٦٩ | ویلایەتە یەکگرتووەکان | نەخێر | نەخێر | بەڵێ | زۆرینە دەنگیاندا بچنە پاڵ گوام |
| ٣٧ | بەحرەین | ١٩٧٠ | شانشینی یەکگرتوو | بەڵێ | بەڵێ | بەڵێ | پرسیارەکە ئەوەبوو بەحرین بچێتە پاڵ |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | ئێران یان سەربەخۆ بێت |
| ٣٨ | نیوی | ١٩٧٤ | نیوزیلندا | لەگەڵ ڕەوشەکەبوون وەک خۆی | لەگەڵ ڕەوشەکە مانەوە | بەڵێ | |
| ٣٩ | کۆمۆرۆس | ١٩٧٤ | فەرەنسا | بەڵێ | بەڵێ | بەڵێ | لە ١٩٧٥/٧/٦ سەربەخۆیی ڕاگەیاند، بەڵام هەر لە ژێر کۆنترۆڵی فەرەنسا مایەوە |
| ٤٠ | هەرێمی ترۆست | ١٩٧٥ | ویلایەتە یەکگرتووەکان | نەخێر | نەخێر | بەڵێ | تەنها دەنگ دەدرا بەوەی ئایا دەتەوێت لەسەر ویلایەتی میکرۆنیزیا بمێنینەوە |
| ٤١ | گوام | ١٩٧٦ | ویلایەتە یەکگرتووەکان | نەخێر | نەخێر | بەڵێ | |
| ٤٢ | ئاروبا | ١٩٧٧ | هوڵەندا | بەڵێ | نەخێر | بەڵێ | |
| ٤٣ | جیبۆتی | ١٩٧٧ | فەرەنسا | بەڵێ | بەڵێ | بەڵێ | |
| ٤٤ | نیفیس | ١٩٧٧ | سانت کیتس ونیفیس | بەڵێ | نەخێر | نەخێر | ڕاپرسییەکە پارتی چاکسازی نیفیس ڕێکیخست، بەڵام حکومەت دانیپێدا نەنا |
| ٤٥ | کیوبیك | ١٩٨٠ | کەنەدا | نەخێر | نەخێر | بەڵێ | |
| ٤٦ | سیسکی | ١٩٨٠ | باشوری ئەفریقا | بەڵێ | دیفاکتۆ | نەخێر | لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دانیپێدا نەنرا |
| ٤٧ | گوام | ١٩٨٢ | ویلایەتە یەکگرتووەکان | نەخێر | نەخێر | بەڵێ | |
| ٤٨ | میکرونیزیا | ١٩٨٣ | ویلایەتە یەکگرتووەکان | بەڵێ | بەڵێ | بەڵێ | میکرۆنیزیا لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکان بمێنێتەوە |
| ٤٩ | جەزیرەی مارشاڵ | ١٩٨٣ | ویلایەتە یەکگرتووەکان | نەخێر | نەخێر | بەڵێ | |
| ٥٠ | بالاو | ١٩٨٣ | ویلایەتە یەکگرتووەکان | نەخێر | نەخێر | بەڵێ | |
| ٥١ | بالاو | ١٩٨٤ | ویلایەتە یەکگرتووەکان | نەخێر | نەخێر | بەڵێ | |
| ٥٢ | جەزیرەی کۆکوس | ١٩٨٤ | ئوستراليا | نەخێر | نەخێر | بەڵێ | |
| ٥٣ | جەزیرەی فۆکلاند | ١٩٨٦ | شانشینی یەکگرتوو | نەخێر | نەخێر | بەڵێ | |
| ٥٤ | کالیدونیا | ١٩٨٧ | فەرەنسا | نەخێر | نەخێر | بەڵێ | |
| ٥٥ | سلۆڤینیا | ١٩٩٠ | یوغوسلافیا | بەڵێ | بەڵێ | بەڵێ | |
| ٥٦ | ئەرمینیا | ١٩٩١ | یەکێتی سۆڤیەت | بەڵێ | بەڵێ | بەڵێ | |
| ٥٧ | ئازەربایجان | ١٩٩١ | یەکێتی سۆڤیەت | بەڵێ | بەڵێ | بەڵێ | |
| ٥٨ | کرواتیا | ١٩٩١ | یوغوسلافیا | بەڵێ | بەڵێ | بەڵێ | |
| ٥٩ | ئەستۆنیا | ١٩٩١ | یەکێتی سۆڤیەت | بەڵێ | بەڵێ | بەڵێ | |
| ٦٠ | جۆرجیا | ١٩٩١ | یەکێتی سۆڤیەت | بەڵێ | بەڵێ | بەڵێ | |
| ٦١ | کۆسۆڤۆ | ١٩٩١ | یوغوسلافیا | بەڵێ | نەخێر | نەخێر | |
| ٦٢ | لاتڤیا | ١٩٩١ | یەکێتی سۆڤیەت | بەڵێ | بەڵێ | بەڵێ | |
| ٦٣ | لیتوانیا | ١٩٩١ | یەکێتی سۆڤیەت | بەڵێ | بەڵێ | بەڵێ | |
| ٦٤ | مەکدۆنیا | ١٩٩١ | یوغوسلافیا | بەڵێ | بەڵێ | بەڵێ | ١٩٩٣ سەربەخۆیی وەرگرت |
| ٦٥ | ناگۆرنۆ کەراباغ | ١٩٩١ | ئازەربایجان | بەڵێ | دیفاکتۆ | نەخێر | بە دیفاکتۆ سەربەخۆیی وەرگرت |
| ٦٦ | ئۆکرانیا | ١٩٩١ | یەکێتی سۆڤیەت | بەڵێ | بەڵێ | بەڵێ | |
| ٦٧ | ترانسنیستریا | ١٩٩١ | مۆڵدۆڤا | بەڵێ | دیفاکتۆ | نەخێر | بە دیفاکتۆ سەربەخۆیی وەرگرت |
| ٦٨ | تورکمانستان | ١٩٩١ | یەکێتی سۆڤیەت | بەڵێ | بەڵێ | بەڵێ | |
| ٦٩ | ئۆزباکستان | ١٩٩١ | یەکێتی سۆڤیەت | بەڵێ | بەڵێ | بەڵێ | |
| ٧٠ | بۆسنە و هەرسک | ١٩٩٢ | یوغوسلافیا | بەڵێ | بەڵێ | بەڵێ | |
| ٧١ | مۆنتینیگرۆ | ١٩٩٢ | یوغوسلافیا | بەڵێ | نەخێر | بەڵێ | |
| ٧٢ | باشوری ئۆسیتیا | ١٩٩٢ | جۆرجیا | بەڵێ | دیفاکتۆ | نەخێر | بە دیفاکتۆ سەربەخۆیی وەرگرت |
| ٧٣ | تەتەرستان | ١٩٩٢ | روسیا | بەڵێ | نەخێر | نەخێر | |
| ٧٤ | ئەریتیریا | ١٩٩٣ | ئەسیوپیا | بەڵێ | بەڵێ | بەڵێ | |
| ٧٥ | جەزیرەی ڤیرجین | ١٩٩٣ | ویلایەتە یەکگرتووەکان | نەخێر | نەخێر | بەڵێ | |
| ٧٦ | پۆرتۆریکۆ | ١٩٩٣ | ویلایەتە یەکگرتووەکان | نەخێر | نەخێر | بەڵێ | |
| ٧٧ | کیوراکاو | ١٩٩٣ | هوڵەندا | نەخێر | نەخێر | بەڵێ | زۆرینە دەنگیاندا بە پێداچوونەوەی |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | ستراكچەری هوڵەندا |
| ٧٨ | مۆلدۆڤا | ١٩٩٤ | - | بەڵێ | بەڵێ | بەڵێ | تححفظ لەسەر سەربەخۆییەکەی هەبوو |
| ٧٩ | بۆنیر | ١٩٩٤ | هوڵەندا | نەخێر | نەخێر | بەڵێ | زۆرینە پێیان وابوو پارێزگاری لەو دۆخە بکرێت کە هەیە |
| ٨٠ | سانت مارتین | ١٩٩٤ | هوڵەندا | نەخێر | نەخێر | بەڵێ | زۆرینە پێیان وابوو پارێزگاری لەو دۆخە بکرێت کە هەیە |
| ٨١ | سەبا | ١٩٩٤ | هوڵەندا | نەخێر | نەخێر | بەڵێ | زۆرینە پێیان وابوو پارێزگاری لەو دۆخە بکرێت کە هەیە |
| ٨١ | سانت یستاتیوس | ١٩٩٤ | هوڵەندا | نەخێر | نەخێر | بەڵێ | زۆرینە پێیان وابوو پارێزگاری لەو دۆخە بکرێت کە هەیە |
| ٨٣ | بەرمودا | ١٩٩٥ | شانشینی یەکگرتوو | نەخێر | نەخێر | بەڵێ | |
| ٨٤ | کیوبیک | ١٩٩٥ | کەنەدا | نەخێر | نەخێر | بەڵێ | ئەنجام: Yes : 49.42 No : 50.58 |
| ٨٥ | ئەنجوان | ١٩٩٧ | کۆمۆرۆس | بەڵێ | بەڵێ | نەخێر | ساڵی ٢٠٠١ بە دیفاکتۆ سەربەخۆیی وەرگرت |
| ٨٦ | نیفیس | ١٩٩٨ | سانت کیتس و نیفیس | بەڵێ | نەخێر | بەڵێ | ٦٢% لەگەڵ سەربەخۆیی بوون بەڵام ڕێژەکە پێویستی بە ٣/٢ بوو |
| ٨٧ | پۆرتۆریکۆ | ١٩٩٨ | ویلایەتە یەکگرتووەکان | نەخێر | نەخێر | بەڵێ | |
| ٨٨ | تەیموری ڕۆژهەڵات | ١٩٩٩ | ئەندۆنیسیا | بەڵێ | بەڵێ | بەڵێ | نەتەوەیەکگرتووەکان ریفراندۆمەکەی ڕێکخست، ساڵی ٢٠٠٢ سەربەخۆیی وەرگرت |
| ٨٩ | سانت مارتین | ٢٠٠٠ | هوڵەندا | نەخێر | نەخێر | بەڵێ | |
| ٩٠ | بۆنیر | ٢٠٠٤ | هوڵەندا | نەخێر | نەخێر | بەڵێ | |
| ٩١ | هەرێمی کوردستان | ٢٠٠٤ | عێراق | بەڵێ | نەخێر | نەخێر | |
| ٩٢ | سەبا | ٢٠٠٤ | هوڵەندا | نەخێر | نەخێر | بەڵێ | |
| ٩٣ | کیوراکاو | ٢٠٠٥ | هوڵەندا | نەخێر | نەخێر | بەڵێ | |
| ٩٤ | سانت یستاتیوس | ٢٠٠٥ | هوڵەندا | نەخێر | نەخێر | بەڵێ | |
| ٩٥ | مۆنتینیگرۆ | ٢٠٠٦ | سربیا و مۆنتینیگرۆ | بەڵێ | بەڵێ | بەڵێ | |
| ٩٦ | ئۆسیتیا | ٢٠٠٦ | جۆرجیا | بەڵێ | دیفاکتۆ | نەخێر | |
| ٩٧ | ترانسنیستریا | ٢٠٠٦ | مۆڵدۆڤا | بەڵێ | دیفاکتۆ | نەخێر | |
| ٩٨ | توکیلۆ | ٢٠٠٦ | نیوزیلندا | لەگەڵ ڕەوشەکەبوون وەک خۆی | لەگەڵ ڕەوشەکە مانەوە | بەڵێ | ٦٠% لەگەڵی بوون بەڵام ڕێژەکە پێویستی بە ٣/٢ بوو |
| ٩٩ | توکیلۆ | ٢٠٠٧ | نیوزیلندا | لەگەڵ ڕەوشەکەبوون وەک خۆی | لەگەڵ ڕەوشەکە مانەوە | بەڵێ | ٦٢% لەگەڵ سەربەخۆیی بوون بەڵام ڕێژەکە پێویستی بە ٣/٢ بوو |
| ١٠٠ | باشوری سودان | ٢٠١١ | سودان | بەڵێ | بەڵێ | بەڵێ | |
| ١٠١ | پۆرتۆریکۆ | ٢٠١٢ | ویلایەتە یەکگرتووەکان | نەخێر | نەخێر | بەڵێ | |
| ١٠٢ | دۆنیستک | ٢٠١٤ | ئۆکرانیا | بەڵێ | دیفاکتۆ | نەخێر | بە دیفاکتۆ بەشێکی خاکەکەی خودموختاری وەرگرت |
| ١٠٣ | لوجانسک | ٢٠١٤ | ئۆکرانیا | بەڵێ | دیفاکتۆ | نەخێر | بە دیفاکتۆ بەشێکی خاکەکەی خودموختاری وەرگرت |
| ١٠٤ | ڤینیتۆ | ٢٠١٤ | ئیتالیا | بەڵێ | نەخێر | نەخێر | |
| ١٠٥ | سکۆتلاند | ٢٠١٤ | شانشینی یەکگرتوو | نەخێر | نەخێر | بەڵێ | |
| ١٠٦ | کەتەلۆنیا | ٢٠١٤ | ئیسپانیا | بەڵێ | نەخێر | نەخێر | |
| ١٠٧ | سانت یستاتیوس | ٢٠١٤ | هوڵەندا | نەخێر | نەخێر | بەڵێ | خودموختاری وەرگرت |

## ریفراندۆم وەک مافێکی یاسایی

بەگشتی ئەنجامدانی ریفراندۆم بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی پێش ئەوەی پرۆسەیەکی سیاسی بێت، پرۆسەیەکی تەواو یاساییەو دەبێت لەدەقە یاسایی‌و دەستوورییەکاندا ئەو مافە بە ڕاشکاوی ناوی هاتبێت.

مافی چارەی خۆنوسین* بۆ هەر گەل و نەتەوەیەک لە جیهانداو لە نێویشیاندا بۆ گەلی کورد وەک دووەم گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەت - لە دوای تامیلەکان کە دابەشبوون بەسەر وڵاتانی سریلانکا، هندستان، مۆریشیوس، سەنگافورەو مالیزیا - لەئێستادا، مافێکی ڕەوای مرۆیی‌و سروشتییە. لە زۆرێک لە ڕێککەوتننامەو پەیماننامە نێودەوڵەتییەکاندا، جەخت لەو مافە کراوەتەوە، بە دەق لە بەڵگەنامەو ڕێککەوتننامەکانی مافەکانی مرۆڤو بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان‌و ...هتدا هاتووە. بۆ نمونە؛ لە بڕیاری ژمارە (١٥١٤) کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ١٤ /کانونی یەکەمی/١٩٦٠ تایبەت بە (جاڕنامەی بەخشینی سەربەخۆیی وڵاتان‌و گەلانی ژێردەستە (مستعمرة)) هاتووە: هەموو گەلێک مافی دیاریکردنی چارنوسی خۆی هەیە، بەپێی ئەم مافە گەل ئازادانە ناوەندی سیاسی دیاری بکات‌و ئازادانە هەوڵبدات بۆ بەدیهێنانی گەشەکردنی بوارەکانی ئابوری‌و کۆمەڵایەتی‌و کەلتوری.

لە "پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنی‌و سیاسییەکان" لە ١٦/کانونی یەکەمی ١٩٦٦، لە ماددەی (١) بڕگەی (١)دا هاتووە کە: "هەموو گەلێک مافی دیاریکردنی چارەنوسی خۆی هەیە،......". هەروەها لە "پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌و کلتورییەکان" لە ١٦/کانونی یەکەمی ١٩٦٦، لە ماددەی (١) بڕگەی (١)دا هاتووە کە: "هەموو گەلێک مافی دیاریکردنی چارەنوسی خۆی هەیە،......".

لەڕووی یاساییەوە تەنها پەیماننامەو ڕێککەوتننامەو جاڕنامە نێودەوڵەتیەکان بەس نین - هەندێک لە شارەزایان پێیان وایە ئەو بڕیارو ڕێککەوتننامانەی نەتەوە یەکگرتووەکان هێزی پابەندێتی (الزامي)یان نیە- بۆ ئەوەی گەل، نەتەوە، هەرێم یا هەر پارچەیەک لە دەوڵەت ئارەزووی جیابونەوە بکات‌و ریفراندۆمی بۆ ئەنجامبدات. بەڵکو پێویستە دەستورو ڕێساو یاسای ئەو دەوڵەتە ئەو مافەی پێ بەخشیێت. بۆ نمونە لەدەستوری هەمیشەیی ٢٠٠٥ی عێراقدا بەم جۆرە باس لەم بابەتە کراوە؛

١. عێراق پابەندە بە یاسای نێودەوڵەتی‌و ڕێککەوتننامەو پەیماننامە نێودەوڵەتیی‌و کارنامەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، بەو پێیەی عێراق ئەندامە لە ریکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا.
٢. عێراق هەردوو "پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنی‌و سیاسییەکان" لە ١٦/کانونی یەکەمی ١٩٦٦، و "پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە ئابووری‌و

---

*** ریفراندۆم لە پەیوەندی توندی بە بیرۆکەی مافی چارەی خۆنوسین وەکو پرنسیپێکی سیاسی کارپێکراو هەیە، هەروەها وەکو بیرۆکەیەکی یاسایی نێودەوڵەتی، بەم مانایە ڕیفراندۆم مافی چارەی خۆنوسینە لەحاڵەتی پیادەکردنیداو مافی چارەی خۆنوسینیش لەڕووە پرنسیپییەکەیەوە. (سەرچاوە: د. بورهان یاسین، عیراقی دوای سەدام‌وچارەنووسی باشووری کوردستان، ل٤٧).**

کۆمەڵایەتیو کەلتورییەکان" لە ١٦/کانونی یەکەمی ١٩٦٦. بە بێ هیچ خۆگرییەک (تحفظ) واژۆ کردووە.

٣. لە دەستوری عێراقدا هیچ دەقێکی ناچاری بۆ یەکێتی خاکی عێراق بەڕاشکاوی نەهاتووە. بەڵکو ئەوە لە دیباجەی دەستوردا هاتووە، پابەندبوون بەم دەستورەوە یەکێتی خاکی عێراق دەپارێزێت.
٤. لە کۆتایی دیباجەی دەستوری هەمیشەیی ساڵی (٢٠٠٥)ی عێراقدا هاتووە "پێکهاتەو لایەنەکان بەئارەزوومەندانە چارەنوسی خۆیان بە عێراقەوە گرێداوە..."، ئەم دەقە یاساییە ئەو هەلەش دەرەخسێنێت کە هەرێم بە ئارەزوومەندانە لە عێراق جیا ببێتەوە.
٥. لە بەرئەوەی لە دەستوری عیراقدا نەهاتووە کە ئایا ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتیەکان بەرزترن لە دەستوور یان لە خوار دەستوورن، تا لە کاتی دژیەکیدا (تعارض) دا بزانین کار بە کامیان دەکرێت، ئەمە حجەیەکە ڕێگە دەدات بە عێراق ادعای نادەستوری بوونی بابەتەکە بکات.

بەڵام هێشتا ئەو بەڵگە یاساییانە دەستەبەری ئەوە ناکەن کە هەرێمی کوردستان بتوانێت مومارەسەی سەربەخۆیی خۆی بکات. چونکە پرۆسەکە تەنها لە چوارچێوەیەکی یاساییدا نامێنێتەوە، بەڵکو کاریگەری سیاسی جوگرافیو ئابوری...هتد، گەورەی دەبێت بەتایبەتی ئەگەر هەوڵەکان بەتەنها لەم پرۆسەیەدا نەمێننەوەو هەنگاوی دیکەی وەک سەربەخۆیی بەدوادا بێت.

لە ڕابردوودا، لە چەند دەوڵەتێکی جیاوازدا پرۆسەی ڕاپرسی ئەنجام دراوە، سەرەڕای سەرکەوتنی پرۆسەکەو کۆکردنەوەی دەنگی پێویست، بەڵام دواتر دانی پێدانەنراوە (بڕوانە خشتەکەی ڕابردوو).سەرباری ئەوەی یاسای نێودەوڵەتی ئەو مافەی بۆ هەموان فەراهەم کردووە. بۆ نمونە؛

١. (نیفیس) لە (سانت کیتس ونیفیس) لەساڵی ١٩٧٧، ڕیفراندۆمی ئەنجامدا، ڕاپرسییەکە پارتی چاکسازی نیفیس ڕێکیخستبوو، حکومەتی ئەو وڵاتە دانی پیادا نەنا.
٢. (سیسکی) لە (باشوری ئەفریقا) لەساڵی ١٩٨٠، ڕیفراندۆمی ئەنجامدا، سەرەڕای سەرکەوتنی پرۆسەکەو کۆکردنەوەی دەنگی پێویست، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دانیپێدا نەنرا، بەڵام دواتر بە دیفاکتۆ سەربەخۆیی بەدەستهێنا.
٣. (کۆسۆڤۆ) لە (یوگسلاڤیا) لەساڵی ١٩٩١، ڕیفراندۆمی ئەنجامدا، سەرەڕای کۆکردنەوەی زۆرینەی بەڵی، دان بەپرۆسەکەدا نەنراو تا ساڵی ٢٠٠٨ سەربەخۆیی وەرنەگرت.
٤. (ناگۆرنۆ کەراباغ) لە (ئازەربایجان) لەساڵی ١٩٩١، ڕیفراندۆمی ئەنجامدا، سەرەڕای سەرکەوتنی پرۆسەکەو کۆکردنەوەی دەنگی پێویست، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دانیپێدا نەنرا، بەڵام دواتر سەربەخۆییەکەی بۆتە دیفاکتۆ.
٥. (ترانسنیستریا) لە (مۆڵدۆڤا) لەساڵی ١٩٩١، ڕیفراندۆمی ئەنجامدا، سەرەڕای سەرکەوتنی پرۆسەکەو کۆکردنەوەی دەنگی پێویست، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دانیپێدا نەنرا، جارێکی دیکە لە ساڵی ٢٠٠٦، ڕیفراندۆمی ئەنجامدایەوە، سەرەڕای سەرکەوتنی پرۆسەکەو

کۆکردنەوەی دەنگی پێویست، دیسان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دانیپێدا نەنرا، بەڵام دواتر سەربەخۆییەکەی بۆتە دیفاکتۆ.

٦. (باشوری ئۆسیتیا) لە (جۆرجیا) لەساڵی ١٩٩٢، ڕیفراندۆمی ئەنجامدا، سەرەڕای سەرکەوتنی پرۆسەکەو کۆکردنەوەی دەنگی پێویست، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دانیپێدا نەنرا، بەڵام دواتر سەربەخۆییەکەی بۆتە دیفاکتۆ.

٧. (تەتەرستان) لە (روسیا) لەساڵی ١٩٩٢، ڕیفراندۆمی ئەنجامدا، سەرەڕای سەرکەوتنی پرۆسەکەو کۆکردنەوەی دەنگی پێویست، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دانیپێدا نەنرا، بەم بەڵام سەربەخۆیی بەدەست نەهێنا.

٨. (ئەنجوان) لە (کۆمۆرۆس) لەساڵی ١٩٩٧، ڕیفراندۆمی ئەنجامدا، سەرەڕای سەرکەوتنی پرۆسەکەو کۆکردنەوەی دەنگی پێویست، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دانیپێدا نەنرا، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠١ سەربەخۆییەکەی بۆتە دیفاکتۆ.

٩. (هەرێمی کوردستان) لە (عێراق) لەساڵی ٢٠٠٥، ڕیفراندۆمی ئەنجامدا، بەڵام پرۆسەکە فەرمی نەبوو بەڵکو (بزوتنەوەی ڕیفراندۆم) ئەنجامیداو (%٩٨) دەنگی بەڵێی بەدەستهێنا.

١٠. (باشوری ئۆسیتیا) لە (جۆرجیا) لەساڵی ٢٠٠٦، ڕیفراندۆمی ئەنجامدا، سەرەڕای سەرکەوتنی پرۆسەکەو کۆکردنەوەی دەنگی پێویست بۆی، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دانیپێدا نەنرا، بەڵام دواتر سەربەخۆییەکەی بۆتە دیفاکتۆ.

١١. (دۆنیستک) لە (ئۆکرانیا) لەساڵی ٢٠١٤، ڕیفراندۆمی ئەنجامدا، سەرەڕای سەرکەوتنی پرۆسەکەو کۆکردنەوەی دەنگی پێویست ، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دانیپێدا نەنرا، بەڵام بە دیفاکتۆ خودموختاری بەدەستهێنا.

١٢. (لوجانسک) لە (ئۆکرانیا) لەساڵی ٢٠١٤، ڕیفراندۆمی ئەنجامدا، سەرەڕای سەرکەوتنی پرۆسەکەو کۆکردنەوەی دەنگی پێویست ، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دانیپێدا نەنرا، بەڵام بە دیفاکتۆ خودموختاری بەدەستهێنا.

١٣. (ڤینیتۆ) لە (ئیتالیا) لە ساڵی ٢٠١٤ ڕیفراندۆمی ئەنجامدا، بەڵام دان بە پرۆسەکەیدا نەنراو سەربەخۆیی وەرنەگرت.

١٤. دواین جاریش هەرێمی (کەتەلۆنیا) لە (ئیسپانیا) لە ساڵی ٢٠١٤ ڕیفراندۆمی ئەنجامدا، دان بە پرۆسەکەدا نەنراو سەربەخۆیی وەرنەگرت.

## پرسی ڕیفراندۆم لە هەرێمی کوردستان

ئێستا سەدەیەک لەو ڕێککەوتنە دووركەوتوینەتەوە، کە تێیدا دەوڵەتێک بۆ نەتەوەیەکی گەورەی وەکو کورد لە جیهاندا بە ڕەوا نەبینرا، ئەویش ڕێککەوتننامەی "سایکس بیکۆ" بوو، کە دەوڵەتانی براوەی جەنگی یەکەمی جیهان بەزۆرە ملێ کوردستانیان بە چەند قەوارەیەکی سیاسی دیکەی وەک (تورکیا، عێراق، سوریاو ئێران)ەوە گرێدا، هاوکات سەردەستەکردنی نەتەوەکانی وەک عەرەبو تورکو فارس لەو قەوارە سیاسیانەدا.

ئەگەر چی لەو ماوە دورو درێژەدا جموجۆڵو بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە هەوڵو تێکۆشاندا بوو دژ بە زوڵمو ستەمی ڕژێمە سیاسییەکانی ئەو قەوارە سیاسییانە، هاوکات ئەم بارودۆخە جوگرافییەی کوردی تێکەوت، ڕەوتی خۆگونجاندنی سیاسیشی بۆ هێنایە پێشەوە. باشترین بەڵگەش بۆ ئەو خۆ گونجاندنە - بەتایبەت ئەگەر کوردستانی باشور وەربگرین- بە ئاشکراو بەچڕی لە شێوەی ئۆتۆنۆمی لە ١٩٧٤-١٩٩١ و ڕاگەیاندنی فیدراڵی لە دوای ساڵی ١٩٩١ەوەو بەشداریکردن لە بونیادنانەوەی عێراقی دوای ڕژێمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣.

ئێستا پرسی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە هەرێمی کوردستان پرسێکی گەرمە، بەڵام نوێ نیە. ئەگەر تەنها ئاوڕێک لە دوو دەیەی ڕابردوو بدەینەوە، دەبینین ئەم پرسە چەند جارێکی دیکە بووە بە جێی باسو خواس، بەتایبەت لە دوای ڕێککەوتننامەی واشنتۆن لە نێوان یەکێتی – پارتی لە ساڵی ١٩٩٨ و ڕاگرتنی شەڕی ناوخۆ، ئەم پرسە وروژێنرا. لەم قۆناغەدا "کەمپینی نێونەتەوەیی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان" ڕاگەیەنرا.

پاش پرۆسەی ئازادکردنی عێراق، پرسی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم پێینایە قۆناغێکی ترەوە، هەر لەو دەمەدا بوو بزووتنەوەکی بەرفراوان لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠٠٣ بەناوی "بزوتنەوەی ڕیفراندۆم"**ەوە - دامەزراو ئێستاش بزوتنەوەیەکی کارایە- بەڵام لەم قۆناغەدا سود لەو دەرفەتە نەبینرا بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم، ئێستاش لێرەو لەوێ باس لە لەدەستدانی ئەو هەلە زێڕینە دەکرێت کە کوردو هەرێمی کوردستان لە دەستی داوە، چ لە بارەی ئەنجامدانی ئەم پرسەوە، چ لە بارەی یەکلاکردنەوەی چارەنوسی ناوچە جێناکۆکەکان ...هتد. بەڵام بەشداریکردن لە بونیادنانەوەی عێراقدا ئەو هیواو ئومێدانەی ڕاگرت، لەگەڵ ئەوەشدا کۆتایی نەهاتووە.

لە ساڵی ٢٠١٢ەوە ئەم پرسە جارێکی دیکە بەگەرمی هاتەوە بەرباس، بەتایبەت لەدوای تێکچوونی پەیوەندییەکانی هەرێمو ناوەند، یان وردتر بڵێین بارزانیو مالیکی.

لەو کات بەدواوە بارزانی لە دوو دۆخی قەیراناویدا باسی ڕیفراندۆمی کردوە؛

---

** بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی ئەم بزوتنەوەیەوە بروانە (د.بورهان یاسین: ل٤٦-١٠٠)

**قۆناغی یەکەم:** لە ساڵی ٢٠١٢، دوای ئەوەی بە هۆی لە خۆگرتنی تاریق هاشمی کێشە لەگەڵ بەغدا سەری هەڵدا، بارزانی باسی لە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم کرد (لەم قۆناغەدا باسی ریفراندۆم لە پەیامەکانی بارزانی راستەو خۆ بەسترابوو بە راگەیاندنی دەوڵەتەوە)

بارزانی لە پەیامی نەورۆزی ساڵی ٢٠١٢یداو لە سەرەتای پەیامەکەیدا هاتووە "بەر لە زیاتر لە ٢٥٠٠ ساڵ کورد ڕاپەڕیو دیکتاتۆریەتی قەبول نەکرد، لەو ڕۆژەوە کورد لە تێکۆشانو بەرخوداندا بووە لە پێناوی ئازادیو سەربەستی تا ئیمرۆ، ئەمە زۆر مانا هەڵدەگرێت مانای ئەوەیە کە ئێمە میللەتێکی زیندووینو میللەتێکین بندەستیو زۆرداری لە کەس قەبول ناکەین، میللەتێکین ئەبێ ئازاد بینو بە ئازادی بژین، ئەمە دەرسێکە بۆ ئێمەو هەموو خەڵکی تر".

هەر لە هەمان پەیامداو لە کۆتاییەکەیدا هاتووە کە: " داوا لە رابەرانی هەموو حزبو لایەنە سیاسیەکانی عێراق تێکرای عێراق دەکەم هەرچی زووتر دانیشنو بەپەلە چارەسەرێك بۆ ئەم وەزعە بدۆزنەوە ئالیەتی بۆ دابنێنو لە کاتێکی کورت چارەسەری ئەم وەزعە بکرێت ئەگینا ئێمە دەگەڕێینەوە بۆ میللەتی خۆمانو بڕیاری کۆتایی میللەتی ئێمە دەیدات پاشان با کەس گلەیی نەکات".

لەوکات بەدواوە پرسی ڕیفراندۆمو دروستکردنی دەوڵەتی کوردی سەرنجی کەسایەتیو لایەنە سیاسییەکانو ڕاگەیاندنە نێوخۆییو هەندێجار دەرەکییەکانیشی ڕاکێشاوە، بەتاییەت لە دوای قوڵبونەوەی کێشەکانی نێوان هەرێمو ناوەند لە بوارەکانی، بەشە بودجەی هەرێم، بودجەی پێشمەرگە، فرۆشتنی نەوتی هەرێم بەسەربەخۆیی...هتد، کە تا ئێستا درێژەیان هەیە.

بەڵام هێشتا ئەوە ڕون نەبوەتەوە، کە ئایا سەرکردایەتی سیاسی کورد بەڕاستی ئەم هەنگاوە دەنێن؟ یان مەبەستیانە فشار لە حکومەتی ناوەندی دروست بکەن؟.

ئایا جەختکردنەوەی بارزانی لەسەر ئەو مافە (کە لە هەموان زیاتر جەخت لە مومارەسەکردنی ئەم مافە دەکات) بۆ قایمکردنی پێگەی خۆی لە کورسی سەرۆکایەتی هەرێم نییە؟ بەتاییەت لەو کاتەوەی کە ماوەی یاسایی لەو پۆستەدا کۆتایی هاتووە، بەتاییەت پاش ١٩ ئابی ٢٠١٥.

تەنها هەنگاوێک کە لەم بوارەدا نرابێت، دەرکردنی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٤ یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنو ڕاپرسی بووە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، لەگەڵ دامەزراندنی کۆمسیۆنەکە بە نیوەناچڵی، ئەم کارەش ئەگەر چی بەشێک لە یاساناسان بە هەنگاوێکی یاسایی و دەستوری دەزانن، بەشێکیش بە نادەستوری لێکیدەدەنەوە. لەم هەنگاوە تێپەڕێت، هیچ جدیەتو پلانێکی ڕونو ئاشکراو خشتەیەکی کاتی، یان نەخشە ڕێگایەک دیارنیە بۆ ئەم پرسەدا، چونکە ئەم پرۆسەیە پێوستی بە دیاری کردن نەخشەو پلانو کات هەیە، بۆ نمونە هەرێمی (کالیدۆنیای نوێ) لە (فەرەنسا) بڕیاریدا لە نێوان ساڵی (٢٠١٦-٢٠١٨) ڕیفراندۆم ئەنجام بدا، هاوکات (بوجاینفیل) لە (غینیای نوێ) لە نێوان ساڵی (٢٠١٦-٢٠٢٠) ڕیفراندۆم ئەنجام دەدەنو ئێستاش کار بۆ سەرخستنی پرۆسەکە دەکەن.

**قۆناغی دووەم:** لە دوای دەرکەوتنی شکستی ئابوری‌و سیاسی‌و ئیداری حکومەتی هەرێم‌و سەرهەڵدانی قەیرانی پۆستی سەرۆکایەتی هەرێم، کە بووبە هۆی سەرهەڵدانی نارەزایی تارادەیەک گشتگیر لە کوردستان، بارزانی دوبارە پرسی ریفراندۆمی گەرم کردەوە (بەڵام لەم قۆناغەدا پاشەکشە لە قسەکانی بارزانیدا هەیە کە دەڵێت ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی ێ نیە ئەمەش بەڵگەیەو ئەو راستیە دەسەلمێنێت دەیەوێت سۆزی هاوڵاتیان بۆ لای خۆی رابکێشێت‌و لە قەبارەی نارەزایەتیەکان کەم بکاتەوە).

بارزانی لە پەیامەکەیدا کە لە ٢٠١٦/٢/٢ بڵاوی کردەوەو سەرلەبەری پەیامەکەی لە دەوری پرسی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم دەخولێتەوە. تێیدا وەڵامی ئەو کەس‌و لایەن‌و دەوڵەتانە دەداتەوە کە پێیان وایە ریفراندۆم‌و سەربەخۆیی زەمینەسازی دەوێت‌و هەرێمی کوردستان هێشتا پایەی بەهێزی دەوڵەتی تێدا نیە، لای هەندێ لایەنیش ریفراندۆم وەک هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی ناوچەکە خوێندنەوە بۆ سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان دەکرێت...هتد.

## ئاستەنگەکانی بەردەم ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە هەرێمی کوردستان

لەگەڵ ئەوەی کورد وەک هەر نەتەوەیەکی دیکەخاوەنی ئەو مافەیە چارەنوسی خۆی رەنگرێژ بکات‌و بنوسێتەوە، یاسای نێودەوڵەتیش جەختی لەو مافەی کردۆتەوە. بۆیە هیچ کەس‌و لایەنێک بۆی نیە لە چوارچێوەی تیۆریدا ئەو مافە لە گەلی کورد زەوت بکات.

زیاتر لەوەش دەکرێت بگوترێت ئەگەر درەنگ نەبێت بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە هەرێمی کوردستاندا، ئەوە زو نیە بۆ دەستپێکردنی ئەو پرۆسەیە. بەڵام لە ئێستادا چەند ئاستەنگێک لە بەردەم ئەم پرسەدان، کە بەشێکیان لەهەندێ شوێندا تا ئاستی هەڕەشەکردن لە داهاتووی هەرێمی کوردستان بەرزدەبنەوە. بۆیە دەبێت ئامادەسازی بۆ بکرێت‌و هەوڵەکان چڕبکرێنەوە بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو ئاستەنگانەی کە ڕوبەڕوی ڕیفراندۆم*** دەبنەوە. گرنگترین ئەو ئاستەنگانەش لە ئێستادا بریتین لە:

### ئاستەنگە یاساییەکان

١. بەپێی یاسا لە ئێستادا هیچ یەکێک لە دەسەڵاتەکان بەسەرۆکایەتی هەرێمیشەوە، ماف یان دەسەڵاتی ڕاگەیاندنی پرۆسەی ڕیفراندۆمی نیە، جگە لە پەرلەمانی کوردستان، بەپێی برگەی (٢) مادەدەی (٥٦) لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢، بەپێی بڕیاری ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ مەرجەعی پرسە چارەنوسسازەکانی گەلی کوردە لە هەرێمی کوردستاندا، لە ئێستادا ئەم دامەزراوەیە پەکخراوە. کۆمسیۆنی باڵای

*** لەم قۆناغەدا تەنها ئەو ئاستەنگانە دەخەینەڕوو کە ڕووبەڕووی قۆناغی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم دەبنەوە، نەک ئاستەنگەکانی بەردەم دەوڵەتی کوردی کە لە باسەکانی داهاتوو باسی دەکەین.

سەربەخۆی هەڵبژاردنو ڕاپرسیش لە کوردستان وەک لایەنی جێبەجێکار تەنها دەسەڵاتی سەرپەرشتی کردنو ڕێکخستنی ئەو پرسەی هەیە. بۆیە دەبێت بڕیارێك هەبێت لە پەرلەمانی کوردستان بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆمو یاسایەک هەبێت ئەو پرسە (ڕیفراندۆم) ڕێکبخات، ئەمەش پێویستی بە کاراکردنەوەی پەرلەمانی کوردستان هەیە.

٢. هەرێمی کوردستان لەڕووی یاساییەوە دەسەڵاتی تەنها بەسەر ئەو ناوچانەدا دەشکێت کە تا ١٩ی ٣ی ٢٠٠٤ پێیان وتراوە هەرێم، بۆیە ناتوانێت لە ناوچە جێناکۆکەکان ڕیفراندۆم ئەنجام بدات.

٣. کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنو ڕاپرسی لە کوردستان، ئەگەر نادەستوردش نەبێت و حکومەتی ناوەند دانیپێدا بنێت، تەنها کۆمسیونی هەرێمی کوردستانەو ناتوانێت لە دەرەوەی کوردستان ڕیفراندۆم ئەنجام بدات. بۆیە هەر هەنگاوێک لەم بارەوە دەبێت بە هەماهەنگی و ڕەزامەندی بەغدا بێت.

## ئاستەنگە سیاسییەکان

١. ڕاگەیاندنی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم، لایەن یان چەند لایەنێکی سیاسی هەرێمی کوردستان بەتەنها لێی بەرپرس نین، بەڵکو ئەم پرسە پرسێکی نیشتیمانیەو پێویستە کۆدەنگی هەموانی لەسەربێت، چونکە پەیوەستە بە چارەنوسی گەلێکەوە، لە کاتێکدا دۆخی سیاسی هەرێم لە ئێستادا توشی پەرتەوازەییو نەبونی متمانە لە نێوان لایەنە سیاسیەکان بووە، بۆیە دەبێت پێش وەخت قۆناغی متمانەو ئاشتەواییو یەکڕیزی نیشتیمانی لە نێوان لایەنە سیاسییەکانی هەرێم ڕابگەیەنرێتو بە کردار ئەم هەنگاوە جێبەجێ بکرێت.

٢. لە ڕووی جوگرافییەوە سنوری دیاریکراو بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم کارێکی هێندە سانا نیە، چونکە پشتگوێخستنی ناوچە جێناکۆکەکان لەم پرۆسەیەدا، لێکەوتەی باشی نابێتو ڕەنگە کاریگەری نەرێنی کوردستانی بوونی ئەو ناوچانەی لێ بکەوێتەوەو بەرەو دابڕانی زیاتری بەرێت لە داهاتوودا. لەگەڵ ئەوە ڕەنگە قەیرانی دارایی، بارودۆخی جەنگ، ئاوارەیی، دەوڵەتی عێراقو تەنانەت وڵاتانی دراوسێو دەرەوەش ڕێگربن لەوەی ئەو ناوچانە بخزێنرێنە ناو پرۆسەیەکی هاوبەشی لەو شێوەیە لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا.

بە مانایەکی دیکە بە بۆچونی لایەنە عێراقییەکان ئەم ناوچانە خۆیان لە خۆیاندا پێویستیان بە ڕیفراندۆم هەیە بۆ ئەوەی چارەنوسی خۆیان دیاری بکەن.

٣. هەبوونی ئاماری ورد، ڕاست، دروستو پاکژ یەکێکی دیکەیە لە مەرجە گرنگو پێشوەختەکانی ئەنجامدانی پرۆسەی ڕیفراندۆم. هەرێمی کوردستان خاوەنی ئەو داتاو ئامارەش نیە. خۆ ئەگەر هەوڵی ڕێکخستنی ئامارێکی لەو جۆرە بدات، ئەوا دیسان لە سنوری ناوچە جێناکۆکەکان سەرکەوتوو نابێت یان ڕێگە لە سەرخستنی دەگیرێت. ئامادەکردنی ئامارو سەرژمێریش کاتی زۆری دەوێت.

٤. تەنها ئەنجامدانی پرۆسەی ڕیفراندۆم گرنگ نیە، بەڵکو سەرکەوتنی لە ئەنجامدانی گرنگترە، بە تایبەت داننان بەپرۆسەکەدا لەڕووی نێودەوڵەتییەوە بایەخی خۆی هەیە، (لەباسەکانی پێشوودا ئەو پرۆسانەمان خستەڕوو کە ئەنجامدراوەو دانی پێدا نەنراوە). بۆ ئەمەش پرۆسەکە پێویستە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان، یەکێتی ئەوروپا، کۆمکاری وڵاتانی عەرەبی یان ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە سەرپەرشتی بکرێت. ئەم ڕێکخراوانەش نە بە ئاسانی یان ڕەنگە مەحاڵ بێت سەرپەرشتی پرۆسەیەک بکەن کە ئاماری وردو باوەڕپێکراوی نەبێت.

٥. دانپێدانان بەشێکی گەورەیە لە سەرکەوتنی پرۆسەکە، جگە لەوەی هیچ لایەنێکی دەرەکی پشتگیری بۆ ئەنجامدانی دەرنەبڕیوە، بەڵکو چەند وڵاتێک دژی ئەنجامدانیشین بەتایبەت وڵاتانی هەرێمی لە سەروو هەموبانەوە ئێران و تورکیا، زیاتر لەوەش دانپێدانانی هەندێک وڵات دەبنە ڕێگر نەک پاڵپشت، بۆ نموونە ڕەنگە ئیسرائیلو روسیا ئامادەبن دان بە کوردستاندا بنێن، بەڵام هەردوو وڵات ڕێگرن نەک پاڵپشت بۆ سەرکەوتنی پرۆسەکە، چونکە دانپێدانانی ئیسرائیل وڵاتانی عەرەبی نیگەران دەکات، دانپێدانانی روسیا، ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی نیگەران دەکات.

٦. دوایین ئاستەنگ ئەوەیە، هەرێمی کوردستان لە ئێستادا پایەکانی دەوڵەتی بەهێزی تێدانیە، ئەگەر چی باس لەوەش دەکرێت کە مەرج نیە سەرکەوتنی ڕیفراندۆم ڕاستەوخۆ دەوڵەتی بەدوادابێت، بەڵام دەبێت هەرێم چاوەڕوانی ئەوەش بکات کە ئەگەری ئەوە هەیە عێراق ماڵئاوایی لە هەرێمی کوردستان بکات، چونکە ئێستا بەتەواوی عێراق ماندوو بووەو ڕەنگە هەندێک لە لایەنە عێراقییەکان پێیان وابێت ئەم هەنگاوە باریان سوکتر دەکات.

## هەرێمی کوردستان دوای ئەنجامدانی ڕیفراندۆم

ئەگەر هاتوو هەرێمی کوردستان توانی ئەو قۆناغە تێپەڕ بکاتو ئەم پرسە لە چوارچێوەی کارتی فشاری سیاسیو موزایەدەی حزبییەوە بگوازێتەوە بۆ ڕاستییەکی سیاسی، وێڕای ئەوەش توانی زاڵبێت بەسەر ئەو تەنگو چەڵەمانەی کە ڕوبەڕووی ئەنجامدانی ئەم پرسەداو دەبنەوە، بە دەستەبەرکردنی دانپێدانانی نێودەوڵەتیشەوە. ئەوا قۆناغێکی نوێ دێتە ئاراوە، ئەویش؛ ئەنجامی ڕیفراندۆمەکەو چۆنییەتی مامەڵەکردنە لەگەڵیدا. بەڵام ئایا پرسەکە هەر لەو چوارگۆشەیەدا دەمێنێتەوە؟ یان بەرەو پێش دەچێت؟، ئەگەر بەرەو پێش نەبرێت ئایا ئەنجامدانی لەم کاتەدا چ گرنگییەکی دەبێت؟، ئەگەر بەرەوپێش ببرێت ئایا هەرێمی کوردستان دەتوانێت لەسەر پێی خۆی بوەستێتو سەربەخۆیی ڕابگەیەنێت؟.

لە ڕاستیدا تینوێتی گەلی کوردو خەونی لە مێژینەی بۆ دروستکردنی قەوارەیەکی سیاسی سەربەخۆ، بەتایبەت لە باشوری کوردستان کە توشی زۆرترین نەهامەتی بووە لەگەڵ ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق، وێنەیەک لە ئەنجامی پرۆسەکەمان پێدەبەخشێت، چونکە ئەو نەهامەتیانە بەسە بۆ ئەوەی دەنگ بە سەربەخۆیی بدەن. بۆ نمونە؛

لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٥ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق "بزوتنەوەی ریفراندۆم لە کوردستان" لە تەنیشت سندوقی دەنگدان سندوقێکی تایبەتیان داناو داوایان لە دەنگدەری کورد کرد، دەنگ بە جیابوونەوە یان مانەوە لەگەڵ عێراقدا بدەن، دەرکەوت لە ٩٨% خەڵکی هەرێمی کوردستان لە گەڵ جیابوونەوە بوون لە عێراق.

کەواتە چ بۆ خودی کورد خۆی، چ بۆ ئەو لایەنو کیانە نێودەوڵەتیانەی کە بایەخیان بۆ ئەم پرسە هەیە، ئەو ئەنجامەیان بۆ ڕوونە. بۆیە تەنها ئەنجامدانی ڕیفراندۆمەکە گرنگ نیە. هەر لە سەرەتاوە ئامارژەمان بەوەشدا کە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بۆ مەبەستی سەربەخۆیی قۆناغێکە لە قۆناغەکانی گەیشتن بەو ئامانجە، ئەمەش ئەوە دەردەخات، ئەنجامدانی ڕیفراندۆم ئامرازە بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی باڵای نەتەوەیی وەک دروستکردنی دەوڵەتو بەدەستهێنانی سەربەخۆیی. ئەوەش پاڵنەرە بۆ ئەوەی پرۆسەکە لەم گۆشەیەدا قەتیس نەکرێتو هەنگاو بەرەو ئامانجە باڵاکە هەڵبگیرێت، کە دەوڵەتی کوردیو کیانی سەربەخۆیە. ئەگەر ئەمەش نەکرێت پرۆسەکە گرنگییەکی ئەوتۆی نابێت. خۆ ئەگەر کار بۆ ئەوەش بکرێت دیسانەوە گرفتو ئاستەنگی زۆر لە بەردەم ئامانجە باڵاکە قووت دەبنەوە. هەرچەندە بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی باڵای وەک دەوڵەتو سەربەخۆیی بەبێ گرفتو ئاستەنگ نابێت، بەڵام گرفتیش جۆرو قەبارەو جیاوازیان هەیە، بەشێوەیەک هەندێ گرفتو هەڕەشە لە ئارادان کە ئەوەشی لە ئێستادا هەیە لەباری دەبات، ئەو کات باجەکە لەو نرخە قورسترو زیان بەخشتر دەبێت کە دەیدەبین.

## ڕەگەزو پایە گرنگەکانی دەوڵەت، ئاستەنگەکانی بەردەم سەربەخۆیی هەرێمو ڕێگەی دەربازبوون لێیان

### یەکەم: ڕەگەزەکانی دەوڵەت

لە چوارچێوە کلاسیکییەکەدا چەند ڕەگەز یان توخمێکی سەرەکیو گرنگ هەن وەکو پێش مەرج بۆ بوون بە دەوڵەت، کە ئەوانیش بریتین لە؛

١. گەل، وەک ژمارەیەکی پێویست لە دانیشتوان.
٢. خاک یان هەرێم، وەکو سنورێکی جوگرافی کە ئەو دانیشتوانەی لە سەر دەژی.
٣. حکومەت یان دەسەڵاتی سیاسی، واتا سیستمێکی سیاسی کە گوزارشت لە ویستی یاسایی دەوڵەت بکاتو کاروبارەکانی بەڕێوەببات.
٤. سەروەری[****](ناوخۆییو دەرەکی)، بەو مانایەی دەوڵەت بتوانێت باڵادەست بێتو لەژێر هەژمونی هیچ دەسەڵاتو یەکەیەکی دەرەکی دیکەدا نەبێت. (

ئەگەر چی ئەمانە ڕەگەزی سەرەکی دەوڵەتن، بەڵام بە شێوەیەکی ڕێژەیی دەستەبەری مانەوەی دەوڵەت دەکەنو ناتوانن تەنیا فاکتەر بن بۆ بەهێزیو خۆڕاگری دەوڵەت، چونکە هەریەک لەو ڕەگەزانە (گەل، هەرێم، دەسەڵاتو سەروەری) لەڕووی جۆرییەوە لە دەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکی دیکە دەگۆڕێت. سەرەڕای ئەوەی پایەکانی (ئابووری، یاسا، سەربازی، ئیداری، پەروەردە، کۆمەڵایەتیو دیبلوماسی...هتد)، بڕیار لە بەهێزی یان لاوازی دەوڵەت دەدەن.

### دووەم: ڕەگەزەکانی دەوڵەت وەک ئاستەنگ لە بەردەم سەربەخۆییدا

هەرچەندە هەرێمی کوردستان لەڕوێ شکڵییەوە خاوەنی ڕەگەزە سەرەکییەکانی دەوڵەتە، بەڵام بۆ هەر یەکێک لەو ڕەگەزانە کێشەی تایبەتی هەیە، بۆ نمونە لە ڕووی؛

١. گەل، دەوڵەتی کوردی دووچار لە بەشێکی گەلەکەی دادەبڕێت، جارێک لە گەلی کوردستانی گەورە کە بەسەر وڵاتانی تورکیا، ئێرانو سوریا دابەشبووە، جارێکیش لەو ژمارە دانیشتوانەی کە لە ناوچە جێناکۆکەکانی باشوری کوردستاننو گەورەترین گرفتی ئەو دەوڵەتە کوردییە دەبێت.
٢. خاک یان هەرێم، ئەو تێڕوانینەی بۆ دورکەوتنەوە لە بەشی زۆری گەلی کورد هەیە، بۆ خاکیش ڕاستە بەتایبەت بەشێکی گرنگی خاکی ناوچە جێناکۆکەکان کە لە خاکە دەوڵەمەندەکانی دنیایە لە سامانی سروشتیدا.

**** بەشێک لە یاسا ناسان پێیان وایە سەروەری ڕەگەز نیە، بەڵکو سیفەتە، بەو پێیەی ئەگەر دەوڵەت سەوەریشی پێشێل بکرێت لە دەوڵەت بوون ناکەوێت.

٣. دەسەڵاتی سیاسی، ئەگەر ئاوڕ لە ئەزمونی ٢٤ ساڵی ڕابردووی حوکمڕانی هەرێم نەدەینەوەو نمونەی شەڕی ناوخۆو دوو ئیدارەیی وەرنەگرین کە بە هەردووکیان ١٥-٢٠ ساڵی خایاندو ئێستاش ئاسەوارەکانی دیارە. ئەم دۆخەی ئێستای دەسەڵاتی سیاسی بە نمونە وەربگرین کە باس لە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم دەکرێت ئەوا؛

- سەرۆکایەتی هەرێم، بەپێی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان سەرۆکی هەرێم سەرۆکی یەکەمی دەسەڵاتی جێبەجێکردنەو نوێنەرایەتی هەرێم دەکات لە ناوخۆ دەرەوەدا، ئێستا ئەم پۆستە کێشەی یاسایی هەیەو بەپێی یاسا ماوەی سەرۆکایەتییەکەی کۆتایی هاتووەو ئامادە نیە کورسییەکەی چۆڵ بکات.
- پەرلەمانی کوردستان، بەپێی برگەی (٢) ماددەی (٥٦) لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ و بەپێی بڕیاری ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ مەرجەعی پرسە چارەنوسسازەکانی گەلی کوردە لە هەرێمی کوردستاندا. بەپێی ئەم دەقەش پەرلەمان مەرجەعی پرسی پرۆسەی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمە نەک سەرۆکی هەرێم، لە ئێستادا ئەم دامەزراوەیە پەکخراوەو کودەتای سیاسی لە لایەن پارتێکی سیاسیەوە بەسەر سەرۆکایەتییەکەیدا کراوە.
- حکومەتی هەرێمی کوردستان، کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە بە کابینەی بنکە فراوانیش ناودەبرێت، لە ئێستادا لە قەیرانێکی قوڵی دارایی‌و کارگێڕیدایەو هاوکات بە بڕیاری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکرات (٤) وەزیرو سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان‌و ژمارەیەک بەڕێوەبەری گشتی‌و پلە تایبەتەکان لە کارەکانیان دورخراونەتەوەو وەزیری کارەباش دەستی لەکار کێشاوەتەوە، ئەوەش ئاماژەیە بۆ شەلەلی ئەم کابینەیەی حکومەتی هەرێم.

٤. سەروەری، سنوری جوگرافی هەرێمی کوردستان سنورێکی داخراو دەبێت، ئەمەش ئاماژە دەبێت بۆ لاوازیی دەوڵەتەکەو هیچ سنورێکی ئاوی نابێت، دراوسێکانیشی هەریەک لە عێراق‌و سوریاو ئێران‌و تورکیا دەبن کە میللەتی کورد مێژوویەک لە چەوسانەوەو دەستێوەردانی ئەو وڵاتانەی هەیە لە هەر چوار پارچەی کوردستان، ئەمەش هەمیشە هەڕەشە دەبێت بۆ سەر سەروەری خاکی هەرێم. ئێشتاش ناتوانین پارێزگاری لێبکەین ئێران‌و تورکیا هەرکات بیانەوێت سەروەری هەرێم پێشێل دەکەن.

جگە لە ڕەگەزە بنەڕەتییەکانی دەوڵەت، ئەو پایانەی لەم چەرخەدا بڕیار لە بەهێزی‌و لاوازی دەوڵەت دەدەن‌و زەمانەتی مانەوە یان نەمانەوەی دەکەن بریتین لە؛ بوارەکانی (ئابووری، سەروەری یاسا، سەربازی، ئیداری، پەروەردە، کۆمەلایەتی‌و دیبلوماسی...هتد).

لەم ڕوانگەشەوە هەرێمی کوردستان لە دۆخێکی تەواو ناسەقامگیردایەو ئەمەش ڕاستییەکی ئاشکرایە، بۆیە دەبێت هەرێمی کوردستان لە هەندێ بواردا هەنگاوی جدی بنێت‌و هەندێ ئاستەنگیش تێپەڕێنێ. پاشان کار بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم‌و هەوڵی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی بدات.

## سێیەم: ڕێگەی دەربازبوون لە دیدی پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕانەوە

بزوتنەوەی گۆڕان ئەگەر چی لەگەڵ ئەنجامدانی ڕیفراندۆمەو پەرلەمانتارەکانی پرۆژەیان بۆ بڕیاری ئەنجامدانی پرۆسەکە ئامادەکردووە، هاوکات لە پرۆگرامە سیاسییەکەیدا لە بەشی تایبەت بە ئامانجە نیشتیمانیی و دیموکراتییەکاندا، بەڕونو ڕاشکاوی دیدی خۆی لەم بارەوە خستووەتەڕوو تێیدا هاتووە کە؛ "ئازادی گەلی کوردستانو مافی بڕیاردانی چارەنوس، بە بڕیاردانی سەربەخۆیی کوردستانیشەوە، ئامانجێکی باڵاو ستراتیجی بزوتنەوەی گۆڕانە. گەلی کورد لە پێناو ئەو ئامانجەدا چەندین شۆڕشی بەرپاکردووە، چەندین جار ڕوبەڕوی جینۆسایدو ئەنفال کیمیاباران و وێرانکاری بۆتەوە. بەڵام ئەو ئامانجە نیشتیمانیە باڵایە تەنها بە دروشم بەدی نایەت، بەڵکو پێویستی بە هەنگاوی کردەییە لەسەر زەمینی واقع، پێویستی بەنیشتیمانی کردنی دامو دەزگاکانی هەرێمو پاککردنەوەی هەمو ئەو دامو دەزگایانە لە وەلای حیزبیو شەخسیو بنەماڵەیی بەرتەسک، پێویستی بە گەڕاندنەوەی کەرکوکو ناوچەدابڕاوەکانە بۆ سەر خاکی هەرێم، ترساندنی داگیرکران بە ئەگەری ڕاگەیاندنی سەربەخۆ بەبێ زەمینەسازی لەسەر زەمینی واقع، بەبێ گەڕاندنەوەی کەرکوکو ناوچەدابڕاوەکان، بەبێ بنیاتنانی دامەزراوەی نیشتیمانی بان حزبی، تەنها دروشمێکی کرچە، نە داگیرکەران دەترسێنێ، نە ڕوحی بەرەنگاریش لە ناوخۆدا دروست دەکات".

زیاتر لەوەش لە پرۆگرامەکەدا هاتووە؛ "هەرەشەی بێ ناوەڕۆک و ڕوپامایی ساختە بۆ داگیرکەران ئەو دوو گوتارە بون کە سەرکردایەتی دو حزبە باڵادەستەکەی هەرێم بەردەوام پەیڕەویان کردووە، چ لەناو عێراق و چ لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی دراوسێدا کە کوردستانی گەورەیان بەسەردا دابەشکراوە. ئەو گوتارە دو فاقەیەی سەرکردایەتی کورد، جگە لەوەی هاوڵاتیان لە ناوخۆی هەرێمدا متمانەیان پێ نیە، لە دەرەوەی هەرێمیش هیچ ئیلهامێکی نەبەخشیوەتە کوردانی پارچەکانی تر"

**لەم سۆنگەیەوە لە پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕاندا هاتووە؛**

١. پێویستی بە بەنیشتیمانیکردنی دامەزراوەکانی هەرێمو پاککردنەوەی هەموو ئەو دامەزراوانەیە لە وەلائی حزبیو شەخسیو بنەماڵەیی بەرتەسك. هاوکات پێویستی بە پەیمانێکی نیشتیمانی نوسراوە لە شێوەی دەستور و کۆمەڵێك یاسادا، کە کۆدەنگی نیشتیمانییان لەسەر بێت، بەئامانجی ڕێکخستنی پرۆسەی سیاسیو ڕێکخستنی پەیوەندیو ململانێی نێوان هێزە سیاسییەکان، لە سایەی کۆمەڵێك دامەزراوەی نیشتیمانیدا، وەك ئیدارەی نیشتیمانی، سوپای نیشتیمانی، ئاسایشی نیشتیمانیو دادگای نیشتیمانی، کە دامەزراوەی هەموان بن.

٢. پێویستی بە پتەوکردنی ژێرخانی ئابوری و دابینکردنی ئاشتی کۆمەڵایەتییە لەنێوان چین و توێژو ناوچە جیاوازەکانی هەرێمدا، بەجۆرێك هەمو تاکێکی هەرێمی کوردستان هەست بە

لانیکەمی دادی کۆمەڵایەتی و دادی ئابوری بکا، هەست بە بونی دەرفەتی گونجاو و یەکسان بۆ خۆپێگەیاندن و سودوەرگرتن لە بودجەی گشتی و سامانی سروشتی نیشتمانەکەی بکا.

٣. پێویستی بە گەڕاندنەوەی کەرکوك‌و خانەقین‌و شەنگارو ناوچە کوردستانییە کێشە لەسەرەکانە بۆ سەر خاکی هەرێم، کوردستانی سەربەخۆ بەبێ گەڕاندنەوەی ئەو ناوچانە (کە نزیکەی نیوەی خاکی هەرێم دەکات) کیانێکی دابەشبو و ناتەواوی لێ دروست دەبێت.

٤. پێویستی بەدامەزراوەی مەدەنی و رۆشنبیری، زمانی فەرمی، میدیای نیشتیمانی‌و زانکۆی نیشتیمانییە، پێویستی بە ئازادکردنی کۆمەڵگای مەدەنییە، بەجۆرێك تاك لە ئینتنمای خێڵەکی و ناوچەیی بەرتەسك دەرباز بێت و ببێتە خاوەن ئینتمایەکی ئاسۆیی بۆ گەل و نیشتیمان.

٥. پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان پشتیوانی هاوڵاتیانی کوردستان دەکات بۆ ریفراندۆم و سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان لەرێگەی بەدیهێنانی ئەو پێداویستیانەی سەرەوە.

٦. بزوتنەوەی گۆڕان ئامانجی نیشتیمانی لە ئامانجی دیموکراتی جیاناکاتەوە، بنیاتنانی قەوارەی کوردستان لە بنیاتنانی قەوارەو کەسایەتی تاك جیاناکاتەوە. دامەزراندنی هەرێمێکی بەهێز، کە بەرگەی هەڕەشە دەرەکییەکان بگرێت، بە ئازادکردنی تاك‌و چەسپاندنی سیستمی دیموکراتی لە ناوخۆدا دەستپێدەکات، چونکە گەلی ئازاد بەرهەمی مرۆڤی ئازادە، تا بڕی هەستکردنی مرۆڤ بە ئازادی‌و دادپەروەری لە وڵاتەکەی خۆیدا زیاتربێت، پەیکەرەی کۆمەڵایەتی‌و قەوارەی نیشتیمانی بەهێزترەو توانای بەرەنگاربونەوەی زیاتر دەبێت.

٧. پاوانکردنی بەرهەمی سەروەرییەکانی رابردوو و پیرۆزییەکانی گەلەکەمان، لەلایەن هەر هێزو کەس‌و خێزان‌و بنەماڵەیەکەوە بێت، دژی سەرەتاکانی دیموکراسی‌و نیشتیمانپەروەری‌و کوردایەتیە. وەفاداری بۆ رەنج‌و قوربانیدان‌و گیانبەخشینی رۆڵەکانی گەلەکەمان لە مێژووی دوورو نزیکدا، ئەوە دەخوازێت کە دەستکەوتەکان بەیەکسانی، بەسەر هەموو هاوڵاتیانی کوردستاندا دابەش ببێت و هیچ کەس‌و لایەنێك بۆی نەبێت بەتەنها خۆی بکاتە خاوەنیان.

٨. بزوتنەوەی گۆڕان لەسەر بنەمای هاوڵاتیبون مامەڵە لەگەڵ چەمکی نیشتیمان‌و نیشتیمانپەروەری دەکات، هاوڵاتیانی کوردستان سەر بە هەر ناوچەو خێڵ و پێکهاتەو بنەماڵەیەک بن، لە هەر تەمەنێکدا بن‌و لە هەر رەگەزێک بن، هەڵگری هەر فیکرو عەقیدەیەک بن، خاوەنی هەر پێگەیەکی کۆمەڵایەتی‌و ئابوری‌و هەر پێشینەیەکی سیاسی بن، لە ماف‌و ئازادیدا یەکسانن.

٩. کۆمەڵگەی کوردستانی مێژوویەکی تاڵی لەگەڵ دیاردەی پاوانکردنی نیشتیمانپەروەری، بەشینەوەی خیانەت‌و تۆمەت لەنێوان هێزە سیاسیەکاندا هەیە، ئەم دیاردەیە هۆکاری سەرەکی هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ بووە، هۆکاری پێکدادانی نێوان ئەو پارت‌و هێزانە بووە، کە ئاسایشی نیشتیمانی‌و ئاسایشی حزبیان تێکەڵکردوە، هۆکاری لێکترازانی پەیکەری کۆمەڵایەتی‌و لاوازبوونی هوشیاری نیشتیمانی بووە. بەپێی پرۆگرامەکەی، بزوتنەوەی گۆڕان

بڕوای وایە لەبری حزبە سیاسیەکان دەبێت پەرلەمان و دەزگا شەرعیەکانی نوێنەرایەتیکردن، بۆ بڕیاردان لەسەر پرسە نیشتیمانیەکان مەرجەعی نیشتیمانیو یاسایی بن، لە بابەتی پرسی چارەنوسی سیاسی، ئاسایشی نیشتیمانی، پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستانو بەغدا، پەیوەندی نێوان هەرێمو ولاتانی دراوسێو جیهانی دەرەوە بەگشتی.

١٠.سەبارەت بەکێشەی ڕەوای کورد لە باکورو خۆرهەلاتو خۆرئاوای کوردستان، بەپێی پرۆگرامەکە سیاسییەکەی، بزوتنەوەی گۆڕان هۆشیارە لەئاست ئەو پەیوەندییە تێکچڕژاو و ئالۆزەی، کە هەرێمی کوردستان دەبەستێتەوە بە ولاتانی دراوسێوە، لەئاست ئەو واقیعەی، کە هەرێمی کوردستانی خستووەتە بەردەم دوو ئەرکی جیاواز؛ لەلایەکەوە دەبێت پابەندی هاوسۆزی نەتەوەیی بێت لەگەڵ نەتەوەی کوردی دابەشبوو بەسەر ئەو ولاتانەدا، لەلایەکیشەوە دەبێت وەك هەرێمێکی سەر بە کۆماری عێراقی فیدراڵ، پابەندی یاسا نێودەوڵەتییەکان بێتو ڕێز لە سنورو سەروەری ئەو ولاتانە بگرێت.

١١.بزوتنەوەی گۆڕان بڕوای وایە گەشەدان بە دامەزراوە نیشتیمانی و سیاسیو کلتوریو نیشتیمانیەکانی ناوخۆی هەرێم، هاوکات لەگەڵ دامەزراندنی پەیوەندی دۆستانە لەگەڵ دەرەوە لەسەر بنەمای هاوسێیەتی هاوبەشو بەرژەوەندی هاوبەش، دوور لە بەکارهێنانی زمانی رووپامایی ساختە یان هەڕەشەی وەهمی دەبێت. چونکە ئەمە دەبێتە زەمانەتێکی سیاسی و یاسایی بۆ دڵنیاکردنەوەی ئەو ولاتانە سەبارەت بە ئاشتیخوازی قەوارەی هەرێم، لەهەمانکاتیشدا ئیلهام دەبەخشێتە کوردانی ئەو ولاتانە تا خەباتی دیموکراتی لەپێناو هاتنەدی ئامانجەکانیان پێڕەوبکەن، بەو جۆرەی خۆیان بڕیاری لەسەردەدەن، بێئەوەی حزبەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق مافی دەستێوەردانو بڕیاردانیان لەوبارەیەوە هەبێت.

١٢.بنیاتنانی هەرێمێکی بەهێز پێویستی بە بەنیشتیمانیکردنی دامەزراوەکانە، بەتایبەتی دامەزراوە سەربازی و ئەمنی و هەواڵگریەکان، بۆ ئەوەی ببنە ئامرازی بەرگریکردن لە خاكو قەوارەو دابینکردنی ئاسایشی هاولاتیان، نەک ئامرازی سەرکوتکردنو پاکتاوکردنی حساباتی سیاسی و حزبی و سیخوڕیکردن بەسەر هاولاتیانەوە. سیستمی ئەمنی لە هەرێم سیستمێکی نادیموکراتو ناشارستانیە، هێزی چەکدارو دەزگا نهێنییەکان، لەبری ئینتیما بۆ نیشتیمانو گەل، ئینتیمایان بۆ حزب، لەناو حزبیشدا ئینتیمایان بۆ دەستەو گروپی نهێنی، لەناو ئەوانەشدا ئینتیمایان بۆ کەسانی دەسترۆیشتو هەیە.

١٣.بەپێی پرۆگرامەکە سیاسییەکەی، بزوتنەوەی گۆڕان لەو بڕوایەدایە دڵسۆزی بۆ نیشتیمان، پێویستی بە گۆڕینی ریشەیی سیستمی سیاسیو بەنیشتیمانیکردنی دەسەلاتەکانی حکومەتو پەرلەمانو دادوەرییە، هەروەها بە بەنیشتیمانیکردنی هێزە چەکدارەکانو دامەزراوەکانی ئاسایشو سەرلەنوێ ئامادەکردنەوەی ئەو دامەزراوەو هێزانەیە، بەجۆرێك ببنە قەڵغانی پاراستنی قەوارەی نیشتیمانی، کۆمەڵگەی شارستانی، دەوڵەتی یاساو سیستمی دیموکراتی، هێزی چەکدار زیاتر گرنگی پێبدرێت، بەشێوەیەک کە هێزەچەکدارەکان خوازیاری ئەوەبن، کە لە بری هێزی حیزبی هێزی نیشتیمانیبن.

## دەرەنجام

١. ئەوەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا هاتووە شتێک نیە سەرکردایەتی سیاسی کورد لێی بێ ئاگابێت، خۆ ئەگەر بێ ئاگاش بێت ئەوە مەترسییەکی گەورەیە، بەتایبەت بۆ ئەو لایەنو کەسایەتییانەی بانگەشەی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم یان ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان دەکەن.

٢. ئەوەی گومانی لەسەر پرۆسەی ریفراندۆمی هەرێمی کوردستان دروستکردووە، بریتییە لە دیاری نەکردنی کاتو سنوری جوگرافی ئەنجامدانی پرۆسەکە هەنگاو نەنانی جدی و کرداری بۆی.

٣. ئەگەر هەوڵەکان بۆ دەوڵەت نەبێتو لە هەنگاوی یەکەمدا بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بێت، وەک لە دوایین لێدوانی بارزانیدا لە بارەی پرسی ڕیفراندۆمەوە هاتووە "ئەو ڕیفراندۆمە بە مانای دەستبەجێ ڕاگەیاندنی دەوڵەت نییە بەڵکو بۆ ئەوەیە کە ئیرادەو ڕای گەلی کوردستان لەبارەی چارەنووسی خۆی بزاندرێت". ئەوە بە دڵنیاییەوە ڕای گەلی کورد ئاشکرایەو بەڵگەش ئەو ڕاستییە، ریفراندۆمە نافەرمییەکەی ساڵی (٢٠٠٥)ە. بەڵام داننەنان بە پرۆسەکەدا بەتایبەت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی یان سەرنەکەوتنی لەم دۆخە هەستیارەی کوردی تێکەوتووە لە بەهاو نرخی دەوڵەتەکەش کەم دەکاتەوەو هەنگاوێکی گەورەش دورمان دەخاتەوە لە ئامانجو زەرورەتە نەتەوەییەکەی کە چەند نەوەیەک لە پێناوی جەنگاون.

٤. دەوڵەت یان ڕیفراندۆم کالایەک نیە بۆ بازرگانی سیاسیو بەکارهێنانی بۆ بەرژەوەندی کەس، گروپ، لایەنێکی سیاسی، بەڵکو دەبێت دەوڵەت بۆ هەموان بێتو لە پێناو نەوەکانی داهاتووش بونیاد بنرێتو لە پێناو ڕاگەیاندنیدا کاری لە پێشینەو زەمینەسازی بۆ ئەنجامبدرێت.

لەبەرئەوە پێویستە هانگاو بۆ قایمکردنی پایەکانی دەوڵەت بنرێت، لەبری بەکارهێنانی پرسی دەوڵەت بۆ قایمکردنی پایەی کەس یان لایەنێکی سیاسی، یان بۆ شاردنەوەو خۆ دەربازکردن لە قەیران، چونکە ئەگەر بەم دۆخە نالەبارە سیاسیو ئابوریو کۆمەڵایەتی...هتد، کە هەیە دەوڵەت ڕابگەیەنرێت بەبێ ئەوەی ئاستەنگیش بێتە ڕێگەی (کە ئەمە مەحاڵە) ئەوە ئەو دەوڵەتە کوردیە لەڕیزی داواوەی ولاتانی دنیا دەبێت بۆ شەفافیەتو لە ڕیزی هەرە پێشەوەی دەوڵەتانی جیهان دەبێت بۆ گەندەڵی. ئەشێ نمونەی باشوری سودان دووبارە ببێتەوە، کە لە ئێستادا ئەو گرفتەیان هەیە.

٥. ئەولەویەت لەم ساتەدا باشکردنی دۆخی ئابوریو کاراکردنەوەی پەرلەمانو چالاککردنی حکومەتی هەرێمە نەک ڕیفراندۆم.

٦. بارزانی سەرەڕای ئەوەی لە ئێستادا بە ناشەرعی لە پۆستەکەیدایە، یاسایەکیش نییە ئەو دەسەلاتەی پێبدات کە بڕیار بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بدات. بەڵکو پێی یاسای هەڵبژاردنی

پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢، بەپێی بڕیاری ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی دەسەڵاتی پەرلەمانی کوردستانە.

٧. ئەگەر بەکارهێنانی بابەتی ڕیفراندۆم لە ئێستادا بۆ هەڕەشە کردن لە ناوەند نەبێت، لەپێناو مانەوە نەبێت لە دەسەڵات، یان بۆ لە بیربردنەوەی قەیرانە سیاسییو ئابورییەکان نەبێت لەهاوڵاتیانو لە پێناو دەوڵەتی کوردی بێت. ئەوا دەوڵەت پێویستی بەو بناغە پتەوە دەبێت کە پێشترباسکرا، بەم پێیەش دەوڵەت پێویستی بەئامادەکاری باشترو جدی تر هەیە. وەک ئەوەی لە ئێستادا هەیە.

٨. پەرلەمانو کۆمسیۆن وەک دوو دامەزراوەی پەیوەندیدار بە بابەتی ڕیفراندۆمەوە، پەکخراون، لە کاتێکدا ئەنجامدانی ڕیفراندۆم کاری ئەم دوو دامەزراوەیەیە.

**سوپاس و پێزانین**

بەناوی ژوری توێژینەوەی سیاسییەوە سوپاسی هەریەک لەو بەڕێزانە دەکەین کە پێش بڵاوکردنەوەی ئەم توێژینەوەیە خویندنەوەیان بۆ کردووەو بە تێبینییەکانیان دەوڵەمەنیان کردووە:

بەڕێزان؛

- د. بایەزید حەسەن
- حاکم شێخ لەتیف
- بورهان ڕەشید گوڵە
- د. بەهار محمود

سوپاس بۆ هەموو ئەو بەڕێزانەش کە هاوکاربوون ئەگەر بە تێبینییەکیش بێت.

## سەرچاوەکان


١. د. بورهان ا. یاسین، عیراقی دوای سەدام وچارەنووسی باشووری کوردستان، چاپخانەی هاوار، دهۆک، ٢٠٠٨.
٢. دەیڤدفلیپس و نانسی سۆدەربێرگ، (راپۆرتی تاسک فۆرس) بونیادنانی دەوڵەت لە کوردستانی عێراقدا، و: م.هاوڕێ حسن حمه و فەرهاد حسن، دەزگای میللەت بۆ توێژینەوە، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٥.
٣. رایمۆند گارفیل گیتیل، زانستە سیاسییەکان، و: ڕێبین ڕەسوڵ و موحسین ئەدیب، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٠.
٤. کۆمەڵێک نوسەر، پرسە سیاسی و قەیرانە هاوچەرخەکان "ئەگەرەکانی بەردەم سەربەخۆیی کورد و هەڵوێستی هەرێمی ونێودەوڵەتی- ئا. گەیلان عەباس"، ژوری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٥.
٥. پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان.
٦. د.سەردار عەزیز، بۆچی ریفراندۆم هەڵەیە؟، لاپەرەی تایبەتی نوسەر لە تۆری کۆمەڵایەتی فەیس بووک.

٧. پەیامی نەوشیروان مستەفا بەبۆنەی جەژنی نەورۆزەوە، ٢٠١٢/٣/٢٠، لەسەر پێگەی ئەلیکترۆنی:
http://archive.sbeiy.com/Detail.aspx?id=5275&LinkID=59
٨. پەیامی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە بۆنەی جەژنی نەورۆزی نەتەوەیی، لەسەر پێگەی ئەلیکترۆنی:
http://www.presidency.krd/kurdish/articledisplay.aspx?id=830G5e8rYsE=
٩. پەیامێك لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لەسەر پێگەی ئەلیکترۆنی:
http://www.presidency.krd/kurdish/articledisplay.aspx?id=1eOGMdzlR3E=
١٠. سەرۆکی بزووتنەوەی ریفرانۆدم لەهەرێمی کوردستان: لە ساڵی ٢٠٠٥ زیاتر لە ٩٨% خەڵك لە گەڵ سەربەخۆیی بوون، لەسەر پێگەی ئەلیکترۆنی:
http://www.nuche.net/?p=58197
١١. عەلی باپیر،هەنگاوەکانی زەمینەسازیی بۆ دەوڵەتی کوردستان، لەسەر پێگەی ئەلیکترۆنی:
http://www.r-komalsoran.ga/2016/02/blog-post_4.html
١٢. گۆران ئازاد، بۆ ریفراندۆم پێویستمان بە ئاشتەوایی و پەرلەمان هەیە، لەسەر پێگەی ئەلیکترۆنی:
http://www.speemedi a.com/dreja.aspx?Jmare=29048&Jor =1
١٣. یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٤ یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی، لەسەر پێگەی ئەلیکترۆنی:
http://perleman.org/files/articles/020914010617.pdf

١٤. دستور جمهورية العراق، ٢٠٠٥.
١٥. العهد الدولي الخاص بالحقوق المدنية والسياسية، المؤرخ ١٦ كانون الاول/١٩٦٦.
١٦. العهد الدولي الخاص بالحقوق الاقتصادية والاجتماعية والثقافية، المؤرخ ١٦ كانون الاول/١٩٦٦.
١٧. منظمة ستاندارد بالتعاون مع دائر المنظمات غير الحكومية، ملف قانوني "حق تقرير المصير لشعب كوردستان وفق القوانين الدولية.
١٨. بسام عبدالرحمن المشاقبة، معجم المصطلحات البرلمانية والدبلوماسية، ط١، عمان دار المأمون للنشر والتوزيع، ٢٠١١.
١٩. إعلان منح الاستقلال للبلدان والشعوب المستعمرة، اعتمد بموجب قرار الجمعية العامة ١٥١٤ من ١٤ كانون الأول/ديسمبر ١٩٦٠، على الموقع الالكتروني؛
http://www.un.org/ar/decolonization/declaration.shtml
٢٠. عبدالستار رمضان، رؤية قانونية حول الاستفتاء وحق تقرير المصير، على الموقع الالكتروني؛
http://www.xendan.org/arabic/drejaWtara.aspx?NusarID=21&Jmara=27
٢١. معنى كلمة استفتاء في معجم المعاني الجامع والمعجم الوسيط - معجم عربي عربي، على الموقع الالكتروني؛
http://www.almaany.com/ar/dict/ar-ar/%D8%A7%...

22. Declaration of independence - Wikipedia, the free encyclopedia, at the site;
https://en.wikipedia.org/wiki/Independence_referendum